# پشیلە میوانە



گوڵاڵە و هەتاف دەستەخوشکن، هەمیشە پێکەوە یاری دەکەن.

ڕۆژێک گوڵاڵە پشیلەکەی خۆی بۆ کایەکردن هێنایە ژوورێ. کراسێکی نەخشینی لەبەر کرد و لەسەر کورسی دانا و پێی گوت: میوان بەخێر هاتیت.

پشیلە گوتی: میاو.. میاو.. ، گوڵاڵە بە شۆخی بە هەتاقی وت ئەمە ئەڵێ: ئاو.. ئاو!

ئەوانیش بە گاڵتە لە بری ئاو چایان بۆ دانا.

پشیلەش کە زانی ئەوە خەریکن گەمەی پێدەکەن ڕایکرد و ڕۆیی.

کچەکانیش دایانە قاقای پێکەنین.

لە دواییدا هەتاق گوتیە گوڵاڵە:

دەبوو گاڵتەی پێنەکەین، چونکە میوان خۆشەویستە...

---

*** ڕاڤە**

دەستەخوشک : دۆستایەتی و خۆشەویستی لە نێوان دوو ژن یان کچ بە یەکەوە.

قاقای پێکەنین: پێکەنین بە دەنگی بەرزەوە.

گاڵتە : گەمە، یاری، کایە، وازی.

لە بری : لەباتی، لەجیاتی.

ڕایکرد : هەڵات.

هەتاف : خۆر، هەتاو ؛ (لێرەدا ناوی کچە).

هەمیشە : هەمووکات

ئەوانیش : وانیش

پێکەوە : پێکڤە، لەگەڵیەک

Copyright © Kurdi.fi

## ڕاهێنان

1. ئەم نیشانەیە ( ✓ ) لە پێش وڵامە ڕاستەکە دابنێ:



* گوڵاڵە چی بۆ میوانەکە هێنا؟
- سێوی بۆ هێنا.
- چای بۆ هێنا.
- هەناری بۆ هێنا.

---

2. ئەم وشانەی خوارەوە بخوێنەوە و هەر کامیان دوو کەڕەت بنووسەوە:

- پشیلە هەڵات ..............................
- کۆتر هەڵفڕی ..............................
- پیاوەکە هەڵات ..............................
- ڕۆژ هەڵهات ..............................
- ڕۆژهەڵات ..............................

---

3. هەر کام لەم وشانەی خوارەوە بخە ناو ڕستەیەکەوە:

پشیلە ..............................

دەستەخوشک ..............................

ئاو ..............................

خۆشەویست ..............................

گاڵتە ..............................


Copyright © Kurdi.fi